# هاوڕێ موسا كۆمۆنيستێكی پێشڕەو و بەئيرادەبوو

هاوڕێ موسا ئەوكۆمۆنيستە پێشڕەوە بو كە وەك مودافيعی خواستو ئامانجە ئينسانيەكانی خەڵك ، وەك ڕابەرێكی بەرجەستە لەناو خەڵكی كەركوكدا دەبينرا ئەم خەباتكارە كۆمۆنيستە بێجگەلەوەی لە سەرەتاكانی بيركردنەوەيەوە باوەڕێكی قوڵی بە ماركسيزم هەبوە، لە يەكەمين ڕۆژەكانی ڕوخانی ڕژێمی بەعسەوە وەك هەڵسوڕاوێكی بەرجەستەی كۆمۆنيست لەشار كەركوك كەوتە بەرچاو ، كادرێكی بەرچاوڕونی كۆمۆنيزمی كرێكاری و هەڵسوڕاوی كارای بزوتنەوەی نارەزايەتيەكانی خەڵكی كەركوك بوو ، ئەندامێكی كارای كۆميتەی كەركوكی "حيزبی كۆمۆنيستی كرێكری عيراق" بوو ، دەوری بەرچاوی هەبو لە ڕێكخستنی كرێكاران و خەڵكی ناڕازی و ئازاديخوازانی كەركوك و ئاشناكردنيان بەكۆمۆنيزمی كرێكاری ، باوەڕی قوڵی موسا بەوەی كە[1]"بنياتنانی ئايندەيەكی باشتر، جيهانێكی باشتر بەدەستی خودی ئينسان زەروری و مەيسەرە" ڕەنگدانەوەيەكی گرنگی هەبو لە بەرەو پێشبردنی ڕێكخراوبونی خەڵك لەدەوری خواستی ڕۆژانەی خۆياندا ، هەربۆيە لەماوەيەكی زۆركورتدا موسا وەك نوێنەری گەڕەكەكەی خۆيان لەلاين خەڵكی گەڕەكەوە دەستنيشان كراو مۆری‌نوێنەرايەتی خەڵك لە باخەڵی تاڵانچيەكان و سەركوتگەرەكانی پارێزگای كەركوكەوە گەڕايەوە دەستی موسای نوێنەری خەڵكی بەشمەينەت و بێمافی شاری كەركوك ، لەيەكەمين ڕۆژەكانی دەسنيشانبونی ئەوهاوڕێيە لەلايەن خەڵكەوە بەدەستهێنانی پێداويستيە سەرەتايەكانی خەڵك پريشكی داو غاز و بەلەديە و چەوڕێژ و قير و...... گەيشتە خەڵك ، ئەمانەش بونە مايەی قوڵبونەوە بەو هاوپشتيەی كە موسا هەميشە دەيگوتەوە ، بۆيەخەڵكی گەڕەك بەڕابەرايەتی موسا ناوی گەڕەكەكەيان لەوناوەی كە بەعس بەسەريا بڕيبوو گۆڕيان بۆ (گەڕەكی هاوپشتی ) ، ئەمە وەرچەرخانێكی گرنگ بوو لە مێژووی خەڵكی ستەمديدەی عيراق بەرەو گێڕانەوەی نان و ئازادی و خزمەتگوزاری بۆدەستی خۆيان وە بەرهەمی خەباتی بزوتنەوەيەك بوو كە هاوڕێ موسا لەپێناوی سەرخستنيدا تێدەكۆشا ، ئەوڕەوتەی كە موسای كۆمۆنيست گرتبويەبەر ، ئەوهەنگاوانەی هەڵی دەگرتن هەرڕۆژە دەبوەمايەی كۆبونەوەی دەستەيەك كرێكار و خەڵكی ناڕازی لەدەوری يەك بۆ بەدەستهێنانی خواستەكانيان ، ئەمانەش وايكردبوو هەميشە پێشنيار و تەجروبەكانی ئەوهاوڕێيە لەلايەن هاوێكانيەو جێگەی باس بوون.

هاوڕێ موسا لەبەرانبەر شەڕی قەومی و ئەوبزوتنەوە ناسيونالستيانەی لە هەڵپەی هەڵگيرساندنی شەڕی قەومی و خوێناوی‌كردنی شاری كەركوكدابون شانبەشانی هاوڕێكانی ڕاوەستابوو ، وە هەڵسوڕاوی ئينسانی بونی شاری كەركوك بوو.

هاوڕێ مووسا كۆمۆنيستێكی پڕئيرادەبوو ، ئومێدێكی زۆری بە سەركەوتنی بزوتنەوەی كرێكاری و شۆڕش و بەدەسەڵات گەيشتنی كۆمۆنيزمی كرێكاری هەبوو كە ئەمانە لەهەڵسوڕانەكانيا هەميشە بەڕونی دياربوو كە ئيرادەشی دەبەخشيە هاوڕێكانی ، ڕۆژێك هەر لەكەركوك باسی ڕۆژێكی تەموزی ناوزيندانم بۆ موسای هاوڕێم دەگێڕايەوە ، دوای ئەوەی لەگێڕانەوە تەواوبوم دەستێكی خستە سەرشانم و چاوەكانی پڕلەئومێد گوتی : هاوڕێ ئەوڕۆژەت نايەتەبەرچاو كە دەرگای زيندانەكان دەشكێنين؟ ، بزوتنەوەكەی ئێمە هی خەڵكە ، جيهانيان بۆخەڵك كردوە بەزيندانێكی گەورە ، هەرسەردەكەوين ، ئێمە خەڵكمان لەگەڵە، ئەوان زيندانيان هەيە،ئيتر زيندانەكانيش خاڵی دەبن لە خەڵكی سياسی .

ئەم دوو دێڕە ناخی ئينسانێك بەيان دەكات كە پشت ئەستورە بەوەی [2](ژيانی واقعی و كردەوەی ڕۆژانەی جەماوەری فراوانی خەڵك هەميشە بەڵگەی ئومێدو باوەڕێكی قوڵە بەوەی كە ئايندەيەكی باشتر نەك هەر ئيمكانی نيە بەڵكو حەتميشە )، لەهەمانكاتدا لايەنگرێكی ئازادی بێ قەيدوشەرتی سياسی بەجۆرێك كەزيندانەكان خاڵی بن لە خەڵكی سياسی .

سەرباری ئەمانە هاوڕێ موسا بێئاگانەبوو لە بەلاڕێدابردنی بزوتنەوەکەی لەلایەن ڕابەرایەتیەکەوە لە "حیزبی کۆمۆنیستی کریکاریی عیراق " کە دەیانویست کۆمۆنیزمی کرێکاری بڕاستێنن و تەسلیم بە بۆرژوازیبکەنەوە ، بەپێچەوانەوە وەختێك لایەنگرانی کۆمۆنیزمی کرێکاری و مەنصورحیکمەت لە " حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عیراق" هاتنەدەرەوە و جارێکی دیکە کۆمۆنیزمی کرێکاریان ڕێخستەوە و حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عیراقیان دروستکرد بۆ درێژەپێدانی ڕەوتی دامەزراندنی سۆسیالیزم ، هاوڕێ موساش بەبەرچاوڕونیەکەی زو خەتەکەی خۆی دۆزیەوە و خۆی و کۆمەڵێك لە هاوڕکانی لە کەرکوك جارێکی دیکە ئاڵای کۆمۆنیزمی کرێکاریان بەرز ڕاگرت و پەیوەستبون بە حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری چەپی عیراقەوە ، هەمان ڕەوتی پێشوو دەستیدایە کۆکردنەوەی خەڵك لە دەوری حیزبەکەی و دەنگی کۆمۆنیزمەکەی لەژێرناوی (بەرەو سۆشیالیزم ) لەناو شاری کەرکوك و دەوروبەری بڵاو دەکردەوە ، تاگەیشت بەوەی وەك سکرتێری کۆمیتەی کەرکوکی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکی چەپی عیراق لەلایەن هاوڕێکانیەوە دەستنیشان کرا ، یەکێك بوو لەو هاوڕێیانەی لەکردنەوەی نوسینگەی حیزبدا جێدەستی دیارە .

ئەمە سەرخەتێکی کورتە لە باوەڕ و ئیرادە و کارکردی ئینسانێك کە لەپێنا و نان و خۆشگوزەرانی ، ئازادی و ئەمنیەت ، دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی ئازادویەکسان تا دواچرکەکانی ژیانی تێکۆشا .

بەڵام دوژمنانی ئازادی و لایەنگرانی جەهلوخورافەو نابەرابەری ، تینوەکان بە خوێنی ژیان ، وەك چۆن هەمیشە دەستیان نەپاراستوە لە هاوڕێ و هاو فکرەکانی موسا ، وك چۆن خەریکی تیژکردنەوەی شمشێرن بۆ بڕینی زمانی گفتوگۆ و بانگەوازی ئازادی . ئاواش موسای کۆمۆنیست و ئازادیخوازیان بە شێوەیەکی دڕندانە تیرۆر کرد .

تیرۆرکردنی هاوڕێ مووسا بۆئێمە هاوڕێ و هاوسەنگەرانی موسا و بەرگریکەرانی ژیان و ئازادی خەسارەتێکی گەورەیە و جێگەی خاڵیی ئەو لە نێوماندا ، لەڕیزی ڕێبوارانی ئاسۆی ئینسانی و دامەزراندنی سۆسیالزمدا دیارە.

بەڵام ڕێگەی پڕ ڕێبوارە وە بەئامانج گەیاندنی هەوڵوخەبات و بزوتنەوەکەی بەدەستی ئێمەی ڕێبورانی ڕێگەی موساوەیە و درێژەپێدەری سەرسەختی خەباتێکین کە هاوڕێ موسا لەگەڵماندا شانی دابۆیەبەر ، ئێمە هاوڕێکانی موسا بەرەو شکاندنی دەرگای زیندانەکان هەنگاو دەنێین ، بەرەو گێڕانەوەی ئیرادە بۆ ئینسانەکان ، بەرەو جیهانێك کە تۆی ئینساندۆست شەو ڕۆژت بۆخستبویە سەریەك.

لەیادی هاوڕێ خەباتکارەکەمدا دەستی تەقدیر بەسنگمەوەدەگرم و سڵاوی ماندونەبونی و ئاسۆی ئازادی بۆ موسای کۆمۆنیست و هاوڕێیانی گیان بەختکردوی ڕێگای سۆسیالیزم .

**بژی سۆسیالیزم**

**بژی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی چەپی عیراق**

**کاروان نەجمەدین**

---

(١) مەنصور حیکمەت _ دنیایەکی باشتر بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکای

(٢) مەنصور حیکمەت _ دنیایەکی باشتر بەرنامەی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکای

This document was created with Win2PDF available at http://www.daneprairie.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.